پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەودا سیانزە ڕکات نوێژی دەکرد، لەوانەش: ڕکاتێک نوێژی وتر، ودوو ڕکات سونەتی پێش نوێژی بەیانی

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەودا سیانزە ڕکات نوێژی دەکرد، لەوانەش: ڕکاتێک نوێژی وتر، ودوو ڕکات سونەتی پێش نوێژی بەیانی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام سیانزە ڕکاتی ئەنجامدەدا لە شەودا ولەوانەش نوێژی وتر ودوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی، وبەم شێوەیە بەردەوام بوو لە ڕەمەزان وپاش ڕەمەزانیش، واتا شەونوێژی بەردەوام یانزە ڕکات بوو وپاش ئەوەی نوێژی وتر دەکرد دەخەوت وهەڵدەستا دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی ئەنجامدەدا بە هەموویانە سیانزە ڕکاتی ئەنجامدەدا لە شەودا، وئەگەر دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بووایە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششێکی زۆری دەکرد لە پەرستندا کە لە مانگەکانی تردا بەو شێوەیە کۆششی نەدەکرد، وئەم کۆششە پەیوەستە بە درێژکردنەوەی خوێندن وزیکر لە ناو نوێژەکاندا نەک زیادکردنی ژمارەی ڕکاتەکان، ولە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە سیانزە ڕکات یان یانزە ڕکات شەونوێژی ئەنجامداوە وگێڕانەوەی تر هاتووە کە کەمتر لەم ڕکاتانەی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی لەسەری بەردەوام بووە وبە زۆری ئەنجامیداوە بریتی بوو لە یانزە ڕکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11269